حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (١٣٩) لە ٢٠٢٢/٤/٦

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٩) لە ٢٠٢٢/٤/٦، و بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی میکانیزمی کارکردن لە ناو وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم و لە ناو خودی ئەنجومەنی وەزیران بە ئاڕاستەی باشتر جێبەجێکردنی بڕیارەکان لە کاتی خۆیدا و دوور لە ڕۆتین، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. سازدانی چەند کۆبوونەوەیەکی تایبەتمەند لە دەرەوەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران لە نێوان فراکسیۆنەکانی ناو کابینەکە و دواتر لەگەڵ یەکبەیەکی وەزارەتەکان و پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بە جیا لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

٢. ڕاسپاردنی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ ڕێکخستنی خشتەیەک بۆ کۆبوونەوەکانی ئاماژەپێدراو لە برگەی (١)ی سەرەوە و دانانی کارنامەی ئەو کۆبوونەوانە و ئامادەسازیی پێشوەختە لەگەڵ ئەو لایەنەی کۆبوونەوەی لەگەڵ دەکرێت.

٣. پێویستە لەسەر وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئامادەسازیی پێویست بۆ ئەو کۆبوونەوانە بکەن بەپێی تایبەتمەندی لە خستنەڕووی کێشە و پێداویستییەکان و دەرفەت و ئاستەنگەکان و پێشنیارەکانیان.

٤. گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران